# الـرَّدُ عَلَى مَـن كَفَّرَ بِـالعُمُوم

طارق الكوردي

٤
شەوال
١٤٤٢

# الـرَّدُ عَلَىٰ مَـنْ كَفَّرَ بِـالْعُمُومْ

طـارق الكوردي

بسم الله الرحمن الرحيم

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**یەکەم** : پێیان وایە غوربەتی دین لە نێوان مونتەسیبین بۆ ئیسلام لەدایکبووی ئەم زەمانەیە .

ابن بطة رَحِمَهُ ٱللَّهُ ت/387ھ دەڵێت

(أما بعد : براکانم الله ئێمە و ئێوەش بپارێزێت لەسەرکەوتنی هەوا و ئارەزوو بەسەرماندا وە دوژمنایەتی و دوبەرەکی لە بۆچونەکانمادا ، ئێمە و ئێوەش بپارێزێت لە سەرکەوتنی هەڵە و دڵخۆشبون پێی، پەنای پێدەگرین لە گۆڕانی زەمان وە ڕازێنراوەی شەیتان.
بەڕاستی زۆربون ئەوانەی گومڕابون بە و شتانەی بە باتل خراپی کردون و ڕازاندویەتیەوە، ئەوانەی لەحەق لایانداوە و و جاهیلن بەهۆی ئەو هەموو خراپەی ڕازاندویەتیەوە بۆیان

گەشتین وە توشی ئەوەبوین کە گەلانی پێش ئێمە توشی هاتن ، ئەوەی رسول الله ئاگاداری لێداوین صلى الله عليه وآله وسلم لە گروپ و پارچەبوون و وازهێنان لە یەکڕیزی

وه واقیعی زۆرینەمان ئەوەیە کە رسول الله ڕێگری لێکردوین گەشتوینەتە ئاستێک پۆشاکی ئیسلامەتی لەبەردا نەماوە وە چێژی ئیمان دەرهێنراوە لەدڵمان ، نهێنیەکان ئاشکرابون و هەواو ئا رزوو دەپەرسرێت

بۆچونەکان بەکارەهێنرێن ، بازاڕی فیتنە دانراوە، فیتنەدیارەکانی بڵاوەبونەتەوە

هەڵگەڕانەوە لەدین دەرکەوتوە

داپۆشەرەکەی دیارکەوتوە ، مونافیقەکان ئاگرەکەیان خۆشکردوە ، ناڕەحەتیەکان زۆر گەورە و زۆربون ، بیدعەچیەکان دەرکەوتون ، ڕۆچوەکان و زیادەڕۆکان زیاتر ڕۆچون ، بیدعە بڵاوەی کردوە خۆپارێزی و بەندایەتی مردوە ، نهێنیەکان ئیهانە دەکرێن بەئاشکرا ، ئاگری فیتنە بڵاوەی کردوە

دوای ئەوەی حاڵیان باشتربوو ، ئەوکاتەی حاڵی ئومەت کۆک بوو ، دڵەکان پێکەوەبوون ، پێشەواکان دادپەروەربوون، مسوڵمان خاوەن هێزبوون ، حەق دیارو سەرکەوتوبوو .

خەڵکی گۆڕان، زەمان گۆڕا ، هەموو قەومێ جیابونەوە بە بیدعەکانیان ، حیزب و گروپەکان جیابونەوە ، قورئان پشت گوێ خرا

ئەهلی ئیلحاد کرا بە پێشەوا و پەرستراو
بیدعە گۆڕدرا بۆ نیفاق

ابلیس ئەولیاکانی بانگ کردوو لە هەموو جێیەک وەڵامیان دایەوە ، بەرەو ڕوی ڕۆشتن زۆربەخێرایی.

مقدمة في كتاب الإبانة الكبرى لإبن بطة

سەرنج بدەن ڕەحمەتان لێبێت
(دەڵێ پۆشاکی ئیسلام لەبەر لابراوە ئیمان لەدڵ دەرهێنراوە )

ئەمەش تەنها بەهۆی خراپی حاڵی خەڵکەوەیە و لەو زەمانە وە زۆر نامۆیی ئەهلی حەق.
لەگەڵ ئەوەش یەک پیتی لێوە نەهاتوە بەبنچینەیەک بۆ کافرکردنی خەڵکی بەگشتی (تكفير بالعموم) لەنێوان ئەوانەی مونتەسیبن بۆ ئیسلام و بڵێت مادام زۆرینە کافربون و حاڵیان وایە ئەوانەشی حاڵیان نازانین و کوفرمان لێنەدیون وەک ئەوان کافرن

وه تەنانەت لەهەمان کتاب بابێکی داناوه دەڵێت : بەشی ناسینی ئیسلام وه لەسەر چەند پایه دامەزراوه.
پاشان ئەو حەدیثانه دێنێت کەدەریدەخەن ئیسلامی حوکمی ئەوەی حوکم بدەی بەسەر کەسێک بەوەی مسوڵمانه بریتیه (له وتنی کەلیمەی تەوحید لا إله الا الله
وه کردنی ئەرکانەکانی ئیسلام.

لەکاتێکدا وەک خۆی فەرمووی :
لەسەردەمی ئەودا خەڵکی توشی کوفری زۆر بوبون کوفر و بیدعه و هەڵگەڕانەوه لەدین بەئاشکرا دیاربوو .
تامنداڵێک هەڵسێت و بڵێیت وەک ئەمڕۆ نەبوه ، بەڕونی حاڵی خسته ڕوو فەرمووی : ریدەت دەرکەوتوه. واته حاڵیان له سەردەمی ئێمه باشتر نەبوه

دەڵێت له سفیان له منصور له سالم ابن أبي الجعد له یزید السكسكي وه یزید ابن بشره وتی: وترا به ابن عمر ئایا جیهاد ناکەیت؟ ؟

فەرمووی : ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە  وتن و شاهێدی دان بە لا إله إلا الله وە نوێژکردن وە دانی زەکات وە حەجکردن وە ڕۆژوی ڕەمەزان

ئاوا بیستومە لە  رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم

وە دەیفەرموو پاشان جیهاد لەدوایەوە چاکە.
وەچەن حەدیثێکی دیکە باسەکا بەهەمان واتا

وە ابن بطة نەشی وت ئەمانە شەعائیری موشتەریکن لەنێوان کافر و مسوڵمان لەم زەمانە ، وەنەیوت منتسبین ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام لەسەر کوفرن.
وە ئەم شتانە حوکمی ئیسلامیان پێنادرێت بۆ هیچ کەس نەخێر وای نەوت.
بەڵکو ئیسلامەتیت لەکەسێ دیت وە کوفرت لێنەبینی دەبێت پێت مسوڵمان بێت.
ئەوەبوو مەنهەجی سەلەف

**دووەم** : هەروەها ئیمامی بربهاری رحمه الله لەکتابەکەی خۆی شرح السنة دەڵێت دەربارەی غوربەتی دین و ئەهلی ئیسلام و حەق وە

بڵاو بونەوەی کوفر هەتا لەنێوان عامەی خەڵکی لەسەردەمی ئیمام أحمد و دەڵێت ( بزانە ئەهلی علم بەردەوام ڕەدی وتەی جەهمیەکانیان داوەتەوە تا خیلافەتی بەنی عەباس روەیبیضە نەفامەکان قسەیان کرد لەدین و ژینی خەڵکیدا وە بەناشیرین باسی سونەتیاندەکرد وە قیاس و بۆچونیان پێشەخست بەسەر وەحیدا وە ئەوانەی پێچەوانەی ئەوانیان کردایە کافریان دەکرد **بۆیە زۆرێک خەڵکی جاهیل و بێ ئاگا شوێنیان کەوتن وەئەوانەی عیلمیان نەبو تاوەکوو خەڵکیان کافرکرد نەشیانەزانی بۆ** ، ئومەت لەناو چوو لەچەن ڕویەکەوە وە کافربوون لەچەند ڕویەکەوە وە مونافیق بون لەلایەترەوە وە گومڕابون لەلایەترەوە وە جیابونەوە و پارچەپارچەبوون لەچەند لایەکەوە ئیلا ئەوانە نەبێت مانەوە لەسەر سونەتی رسول الله صلی اللہ علیہ وآلہ وسلم وەفەرمانی ئەوو هاوەڵان کەس لەو گومڕایانە نەیتوانی فریویان بدات وە لایان نەدا لەوڕێبازە دروستەی لەسەریبون و هەڵنەخەڵەتان
وەبزانە ئەوانە لەسەر ئیسلامی ڕاست مانەوە وە ئیمانی دروست شوێن ئەوان بکەوە و چاویان لێبکە و بزانە دین بریتیە لەشوێن کەوتن)اھ

#شرح_السنة

ئیمام باسی حاڵی زەمانی خۆی کرد وەپێش خۆشی تا خیلافەتی بەنی عەباسیش کە چۆن کوفر لەناویان بڵاو بوەتەوە وە حاڵی غوربەتی ئەهلی حەق چۆن بوە

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بنچینەیەکی دانەناوە بۆ تەکفیری عموم و بڵێ مادام زۆرینە وان کەمینەش حوکمی زۆرینەوەرەگرن

بەڵکو لە هەمان کتاب دەڵێت
(کەس دەرمەکە لەئیسلام و کافری مەکە لە ئەهلی قیبلە تاوەکو ئایەتێک یان سونەتێک ڕەد دەکاتەوە یان نوێژەکا بۆ غەیری الله یان سەرەبڕێ بۆ غەیری الله
گەر یەکێ لەوانەی کرد واجبە لەسەرت دەری کەی لەئیسلام
گەر شتێک لەوانەی نەکرد مسوڵمانە بەناو واتە زاهیرەن ئیدی ناخی الله دەیزانێ و ئێمە نایزانین)
#شرح_السنة

وردەوەبە کەدەڵێ (گەر کارێ لەمانەی نەکرد ئەوا زاهیرەن حوکمی ئیسلامەدەی بەسەریا مادام کوفرت لێنەدیوە)

ئەمە لەگەڵ ئەوەیە حاڵی خەڵکی زەمانەکەی باسکرد کەزۆرینەیان لە چ کوفر و گومڕایەکدان لەگەڵ ئەوەشدا نەیوت حوکم بۆ زۆرینەیە و هەموان کافرن ، وەک ئەوانەی ئەمڕۆ دەیڵێن

چونکە حوکم بەمسوڵمان بونی کەسێک بۆ کەسێک بۆئەوکەسەی خۆی داوەتە پاڵ ئیسلام و بەزاهیرەن واجباتی ئیسلام جێبەجێ دەکات و کوفری لێنەبینراوە واتای وانیە بڵێم موەحیدە و بۆبەهەشت ، وەک ئەوەی هەندێ لەخەڵکی گومانەکەن. بەڵکو حوکمێکی دونیاییە ، الله ئاگای لەدڵەکانە

وە بەربەهاري رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە هەمان کتاب دەڵێت

(تاقی کردنەوە لەئیسلامدا بیدعەیە بەڵام ئەمڕۆ بەسونەت تاقی دەکرێنەوە ، لەبەر ئەوەی وتراوە (ئەم زانستە دینە تەماشاکەن لەکێ دینتان وەرەگرن ).

وە کەوتراوە(حەدیث وەرمەگرن ئیلا لەکەسێ نەبێت شەهادەی قەبوڵەکەن ) تەماشاکەن گەر خاوەن سونەت بوو شارەزابوو ڕاستگۆبوو لێی وەرگرن دەنا وازی لێبێنن)

#شرح_السنة

ئیمام رَحِمَهُ ٱللَّهُ جێگیریکرد کە تاقی کردنەوەی خەڵکی بەئیمانیان

بیدعەیە چونکە ئەسڵ لەوانەی ئیسلامەتیان لێ دیارە مسوڵمانێتیە مادام ناقض و کوفرمان لێنەدیوە کە هەڵوەشێنەرەوەی ئیسلامەتیەکەی بێت.
بەڵام ئەوکەسانەی علم و دینیان لێوەرەگرین تاقیان دەکەینەوە لەبەر ئەو حەدیثانەی باسی وردبونەوە لەوەدەکات کە علم لەکێ وەرگرین و ئاگاداربین چونکە حەدیث لە هەموو کەس وەرناگیرێت .

لەهەمان کتاب ئیمام دەڵێت رَحِمَهُ ٱللَّهُ (ئەو کەسەی ئیسلامەتی

پێوە دیارە و لێی دڵنیانین مسوڵمانە)
#شرح_السنة

بەڵام ئەوانەی ئەمڕۆ دەڵێن هیچ کەس نیە حاڵی ناڕون بێت بەڵکو ئەسڵ تیایا کوفرە ئیلا مەگەر عەقیدەی دەرخات.

زۆرینە ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام لەناو کوفر و غوربەتی ئەهلی حەق ژیاون لەسەردەمی سەلەفەوە تا ئەمڕۆ نەک ئەوەی زاڵبونی کوفر تەنها ئەمڕۆ بێت. بەعام خەڵکیشیان کافر نەکردوە. بۆیە کەسێک ئیسلامەتیت لێببینی و کوفرت لێ نەبینی بەمسوڵمانی بزانە ، ئەوە ڕێچکەی سەلەفە.

**سێییەم** : بەزاهیر بڕیارەدەین..« هەواڵی پێداین : مالك لە ابن شهابەوە، لە عطاء بن يزيد الليثي، لە عبيد اللَّه بن عدي ابن الخِيار:

- پیاوێک شتێکی وت بە رسول اللَّه صلی اللہ علیہ وآلہ وسلم نەمان زانی چی

وتوە تاوەکو رسول اللَّه صلی اللہ علیہ وآلہ وسلم ئاشکرای کرد ئەویش ئەوەبوو داوای ئیزنی لێدەکرد بۆ کوشتنی کەسێک لە

مونافیقەکان، رسول اللَّه صلی اللہ علیہ وآلہ وسلم پێی فەرموو: «ئایا شاهێدی نادات بە لاَ الهَ الاَّ اللّٰه؟» وتی : با بەڵام شەهادەی لێوەرناگیرێ ( ئەوپیاوە وای دەبینی شەهادە هێنان و ڕۆژو گرتنی وەک ئەوە وایە نەیبێت

چونکە بەدرۆوە دەیان لێت ڕاست ناکا بەکردەوە لەگەڵیان )
بەڵام رسول صلوات اللَّه علیه فەرمووی : بۆم نیە بیان کوژم
چونکە ئێمە تەنها زاهیرمان لەسەرە لەکارەکانیان دڵەکان الله پێی

شارەزایە ڕاستەکەن یان درۆ وەک وتەی صلى الله عليه وآله وسلم دەیفەرموو«
فەرمانم پێکراوە بەزاهیری خەڵکی ، الله نهێنیەکان شارەزایە»

فەرمووی: «ئایا نوێژ ناکات؟» وتی: با ، بەڵام نوێژی لێوەر

ناگیرێت النبي صلى الله عليه وآله وسلم فەرمووی: «ئەوانە ئەوانەن کە الله
ڕێگری کردوە لێم خوێن و ماڵیان لێبسێنم»

مسند الشافعي

کەوایە ئەوەی ئێمە فەرمانمان پێکراوە ئەوەیە زاهیرەن حوکم
بدەین
کەسێک نوێژەکات شەهادە دێنێت ئیسلامەتی پێوە دیارە ، هیچ
کوفرێکت لێنەدیوە بە چ ئەقڵێک کافریەکەیت؟
دەبێ حوکم بەوەبدرێ کەدەی بینی نەک بەوەی کەنای بینی

ئیسلامت بینی بڵێ مسوڵمانە کوفرت لێدی بڵێ کافرە ، ئەوەیە وەسێتی رسول اللە صلی اللە علیه وآله وسلم .

**چوارەم** : رسول اللە صلی اللە علیه وآله وسلم دەفەرموێت : سیان لە بنەماکانی ئیسلامن

#وازهێنان لەوکەسەی دەڵێت : لا الە الا اللە ، کافری ناکەین بەتاوان ، لەئیسلام دەری ناکەین بەکارێک . ( ئێمە پڕوامان وایە ئەوەی رسول اللە فەرمووی هەرکەس وتی لا الە الا اللە و واجباتەکانی جێبەجێ کرد و کوفری لێ نەبینرا مسوڵمانە تاقیامەت ئەمەبنەمایە و لەسەری دەڕۆین چونکەی وتەی رسول اللە یە ، وەک ئەوانە ناکەین دەڵێن ئەوە بۆ ئەمڕۆ نابێ وەک عەلمانیەکان دەڵێن ئەمڕۆ باوی نەماوە ، یان ئەوانەی وتیان زەکات تایبەت بوو بەسەردەمی رسول اللە ، ئەمڕۆش بەناوی دینەوە هەن دەڵێن ئەوەی رسول اللە فەرمووی بۆ ئەمڕۆ نابێ ، سبحان اللە لەم حەماقەتە).

#وەجیهاد دەمێنێ لەو ڕۆژەوەی من هاتوم تاوەکو ئاخیری ئومەتم کە جەنگی دەجال دەکەن ، ستەمی زاڵم هەڵی ناوەشێنێ ، دادپەروەری دادپەروەرێکیش هەڵی ناوەشێنێ .

#وە ئیمان بە قەدەری الله

الإيمان لأبى عبيد قاسم بن السلام

ئیمامی أحمد دەفەرموێت واز لەنوێژی هەینی ناهێندرێت گەر ئیمامیش کافربوو دەبێ بچی بۆ جومعەکەت دواتر نوێژەکەت بگێڕەوە

مسائل الكوسج كتاب السنه لعبدالله

وتەی ئیمام أحمد (گەر لەدوایەوە نوێژی کرد دەیگێڕێتەوە)

دوو سودی هەیە

يەکەمیان: نوێژی جومعە تەرک ناکرێت بەهەر هۆیەک بێت بەڵام دواتر دوبارەی دەکەیتەوە گەر ئیمامەکە کافربوو.

دووەم: جەهلی ئەم خەواریجە پیسانە کە تەکفیری عموم دەکەن هەرکەس لەدوای کافر نوێژبکات ئەمان کافری دەکەن بەڵکو ئەوەش کافرەکەن لەدوای مستور نوێژەکات

بۆیە ئیمام أحمد فەرمووی رَحِمَهُ ٱللَّهُ (گەر لەدوای پیاوێک نوێژی کرد دەڵێ قورئان مەخلوقە ، نوێژەکەی دەگێڕێتەوە).

نەیفەرموو(گەر پیاوێک لەدوای ئەو کافرە نوێژکات کافرە چونکە خیلافی نیشان نەداوە)

چونکە کەسی واکافر ناکات ئیلا مەگەر نوێژەکەی نەگێڕایەوە چونکە لەو کاتە دیارە پێی مسوڵمانە بۆیە نەیگێڕاوەتەوە تاکاتەکەی دەڕوات.

کافری کرد بە وازهێنان لەنوێژ نەک بە نوێژکردن لەدوای کافر.

هاوەڵان الصحابة لە دار و وڵاتی **ڕیدە و هەڵگەڕاوەکان** بە لا إله إلا الله بەوتنی حوکمیان کردوە.

لێرە فەرق هەیە لەنێوان مورتەد کە کافربوەتەوەو وەهەڵگەڕاوەتەوە لە ئیسلام وە لەنێوان دارێک کە کوفر لەناو زۆرینەی بڵاوبوەتەوە و مونتەسیبە بۆ ئیسلام
مورتەدێک کە زانراوە کافربوەتەوە ئیلا دەبێت بزانین کە گەڕاوەتەوە لەو دەرگای لێی دەرچوە تاوەکو حوکم بە ئیسلامەتی بدەین بۆی ، واتە بەهۆی چ کوفرێک دەرچوو لەدین دەبێ لەو کوفرە تەوبەبکاتو بگەڕێتەوە ئیسلام و تەوبەی لێکات.
ئەگەر کوفرەکەی بەهۆی نوێژ نەکردنیەوەبێت حوکم دان بەئیسلامی کاتێکە بزانین نوێژەکات.
ئەگەر کوفرەکەی بە ئینکاری فەرزێک بێت حوکم دان بەئیسلامی کاتێکە ئیقرار بەو شتەبکات کە پێشتر ئینکاری لێکردوە.

بەڵام ئەو دار و وڵات و شوێنەی کە ئەهلەکەی انتسابن بۆئیسلام و ڕوکنەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکەن و کوفر تێیاندا بڵاوە ، گەر زانیمان کەسێک دەڵێ لا إله الا الله یان نوێژەکات وە هیچ کوفر و هەڵوەشێنەرەوەیەکمان لێنەبینیوە ئەوا مسوڵمانە بەحوکمی

دونیایی واته زاهیرەن مادام ئیسلامەتیمان لێدیوە و کوفرمان لێنەدیوە مسوڵمانە ڕەنگە لە حەقیقەتیشدا مسوڵمان نەبێت ، بەڵام تۆ لەسەرتە ئەوەی دەیبینی بەوە بڕیاربدەی نەک ئەوەی نایزانی و نهێنیە.

کاتێک خەواریج ئینکاری کردنی رسول اللهیان زانی لەسەر  أسامة بن زید کە کەسێکی کوشت وتی  لا إله إلا الله چونکە وای گومان برد لەترسا وتویەتی

بۆیە خەواریجەکان جیاوازیان کرد لەنێوان داری کوفری ئەسڵی و دارێک هەڵگەڕاونەتەوە
 وەوتیان ئەم حەدیثە بۆ داری کوفری ئەسڵی دەبێت کە لەبنچینەدا خۆیان کافرن و هیچ ڕۆژێک مسوڵمان نەبون
لەبەر ئەوەی داری هەڵگەڕاوە   دار الردة
دەڵێ لا إله إلا الله کەسێک بەڵام بەهەنێ شتی دیکە کافرە لەبەر ئەوە خەڵکیان هەموو کافر کردوو وە ئەوانەش کافرەکەن ئەوانیان پێ کافرنیە.

وه جیاوازی خەواریج لەنێوان وڵاتی کافری ئەسڵی و وڵاتی هەڵگەڕاوە دار الردة لەوەدابوو وە کەدەڵێن ئەم وڵاتە هیچ ئایەت و حەدیثێکیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێ بۆ قەبوڵبونی ئیسلامی حوکمی بۆئەوانەی دەلێن لا إله إلا الله

چونکە دەڵێن لەحاڵی کوفریاندایە ، جیاوازی هیچ واتایەکی نیە بۆی،
قسەکەیان ڕاستە بۆکەسێک کە کوفری لێ زانراوە ، مسوڵمان نیە ئیلا مەگەر زانیمان تەوبەی کردوە و گەڕاوەتەوە لەو کوفرەی
بەڵام ئەمە بۆ وڵاتێک و دارێک نابێت ، چونکە حاڵی بلادێک کەسێکت دی وتی لا اله الا الله وە هیچ کوفرێکیشی لێنەبینراوە ، ئیدی کافربونی لەپای چی؟

وە جەهل و گەمژایەتیەکی دیکەیان ئەوەیە دەڵێن
هاوەڵان لا إله إلا الله یان لە مورتەدین هەڵگەڕاوەکان قەبوڵ نەکرد کە نەزانرابوو کوفریان هەبێت
لەبەرئەوەیە ئێمە دەیکەینەبەڵگە بەسەریانەوە بەوەی ئەوان دەیکەنە بەڵگە بۆخۆیان

ابن أبي شيبة رَحِمَهُ ٱللَّهُ ريوايەتی کردوە : لە أبي العالية :« كە أبوبكر

کاتێک جەیشێکی دەنارد بۆ هەڵگەڕاوەکان دار الردة ، لەنزیکیان دادەنیشتن پێش ئەوەی بچن بۆیان
گەر بانگتان لێبیستن هێرش مەکەن وە گەر نەتان بیست بدەن بەسەریاندا»

بۆیە یەک بنچینە نابینی لای سەلەف بیکەنە بەڵگە بە قیصەی هاوەڵان لەگەڵ مورتەدەکان بۆتەکفیری عموم لە وڵاتی مونتەسیب بۆ ئیسلام
بەڵکو ئەوەیان کافرکردوە کە کوفریان لێ بینیوە ، ئەوەش ڕێگەی سەلامەتی موەحیدە
وەکەسێک کوفرێکت لێنەدیوە ئەوە مسوڵمانە بەحوکم حەقیقەتەکەشی بۆ اللّٰەیە و نازانینن چۆنە ، ئێمە کار بەوەدەکەین دەیبینین.

ئیمام ابن بطة لەو سەردەمە پڕ لە کوفر و مورتەد بونەوەدا کتابی الإبانة الكبرى ی نوسی کە لە موقەدیمەکەی ئاماژەی

بەسەردەمەکەی خۆی کردوە کەچۆن کوفر ولآتی تەنیبوو، ئالەو دەمانە کتابی ئیبانەی نوسی کەچەندین بابی داناوە
تاکە بابێکیشی دانەناوە بۆ تەکفیری عموم لەکاتێکدا ئەوە حاڵی سەردەمەکەشی بوو ، ئایا کافربوو کە باسی تەکفیری عمومی نەکرد؟
تبا لكم

هەروەها بربهاریش هەمان حاڵی بوو لەسەردەمەکەی و بائاشکراش دەڵێ کەس کافرناکەین تاکوفری لێنەبینین
ئایا ئەویش کافربوو؟
وەک لە پۆستەکانی پێشوو ئەمانەم ڕون کردوەتەوە

**پێنجەم** : ڕەد لەسەر خەواریجی نوێ ، ئەوانەی تەکفیری هەموو کەسێک دەکەن لەکاتێکدا کوفریشیان لێنەدیوە بەوەی ئەڵێن : سەلەف بۆیە تەکفیری عمومیان نەکردوە لە ناو ئەوانەی مونتەسیبن بۆ ئیسلام و شاعائیریان تێدایە وەک بانگ و نوێژ #چونکە زۆرینە کافر نەبون لەو سەردەمەدا).

بەلاّم ڕاستیەکە ئەوەیە سەلەف بنچینەیەکی وەها بۆگەنیان دانەناوە چونکە بیدعەیەکی پیسە.
ئەوەتا موصل لەزەمەنی سەلەفدا زۆرینەی ئەهلەکەی جەهمی بوون لەگەڵ ئەوەشدا سەلەف تەنها ئەوانەیان کافر دەکرد کە کوفریان لێدەبینی تەکفیری عمومیان نەدەکرد بۆکەسانێک کوفریان لێنەبینرابوو ، وەهیچ بنچینەیەکیان دانەنابوو بۆ تەکفیری عموم

ابن بدينا رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : پرسیارم کرد لە ئیمامی أحمد پێم وت :

ئەی باوکی عبدالله من پیاوێکم لەخەڵکی موصل ، **زۆرینەی** خەڵکی لای ئێمە جەهمین ، ئەهلی سونەشیان تێدایە کەمێک.
تۆیان خۆشەوێت بابەتی کرابیسیش پەیدابوە لەفظمان بەقورئان مەخلوقە ، ئیمامی أحمد پێی وتم : وریابە و ئاگات لە ئەو کەرابیسیەبێ و قسەی لەگەڵ مەکە ، قسەش مەکە لەگەڵ ئەوەی قسەی لەگەڵەکات چوار یان پێنج جار پێی وتم .
وتم ئەی باوکی عبدالله ئەم قسانەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ قسەی جەهمیەکان؟
فەرمووی : هەمووی وتەی جەهمە.

طبقات الحنابلة ٢/٢٨١

ئیمام نەیفەرمووە مادام زۆرینە کافرن هەمویان کافرن و هەمویان کافرکە خەڵکی موصل، بەڵکو تەنها ئەوانە کافرن کوفریان لێبینراوە
ئیمام أحمد کافرە کە تەکفیری عامی نەکرد لە دارێک زۆرینەی مورتەد بونەتەوە؟؟ ؟
تبا لکم المارقة

**شەشەم** : لە مصنف ابن أبی شیبة هاتوە
٣٣٦٤٩-کاتێک رسول الله جەیشێکی دەنارد دەیفەرموو : گەر گوێتان لەبانگ بوو یان مزگەوتان بینی کەس مەکوژن.

٣٣٦٥٠-ئەنەس دەفەرموێت : کە رسول الله دەچوو بۆ غەزا گوێیان لەبانگ بوایە دەستیان هەڵەگرت مادام بانگیان تێدا دەدرا.

٣٣٦٥١-أبی عالیە دەڵێت : کاتێک ئەبو بەکر جەیشێکی دەنارد بۆ هەڵگەڕاوەکان #مورتەدەکان دەیفەرموو : دانیشن و هێرش مەکەن گەر گوێتان لە بانگ بوو ، گەر نا بدەن بەسەریاندا.

سەرنج بدەن
ئەو دوو ئەسەرەی سەرەتا ابن أبی شیبه باسی کردوە لە رسول اللە وە ﷺ ، بۆ ولآتی کوفری ئەسڵیە و لەپێشترا مسوڵمان نەبون.

وە ئەسەری سێیەم لە وەلآتی الردة دایە واتە ولآتێک هەڵگەڕاونەتەوە و زۆرینە کافربوون .
هەموشیان کافر نەکران وەک ئەوانەی ئەمڕۆ دەڵێن گەر زۆرینە کافربوو حساب بۆ نوێژ و بانگ و هیچ شەعائیرێکی ئیسلام ناکرێ لەکاتێکدا ئەبوبەکر لەولآتێکی وادا حسابی بۆ ئەو شتانە کرد.

گەر موخالیفەکان وتیان : ئەم آثارانە بۆ زەمانی ئێمە ناگونجێ .

دەڵێین : النبي ﷺ فەرمووی دەربارەی کۆمەڵی ڕزگاربوو (ئەوانەن لەسەر ئەوە دەڕۆن ئەمڕۆ و من و أصحابم لەسەریدەڕۆین)
ئەمە ئەوەیە رسول اللە باسی کردوە وە لەهاوەلآنەوە هاتوە لەم باسەدا

ئایا واز لە شوێنکەوتنی ئەوان بێنین لەبەر بۆچونەکانی ئێوە و قیاساتە ئەقڵیە فاسدەکانتان؟

**حەوتەم** : فضيل دەڵێت : گوێم لە سوفیانی ثەوری بوو دەیفەرموو : هەرکەس نوێژبکات ڕووەو ئەم قیبلە لای ئێمە مسوڵمانە ، خەڵکی لای ئێمە مسوڵمانن بە ئیقرارکردنی ئیسلامەتیان ، وە لە میرات وە لە نیکاح و حدودەکان و سەربڕاویان

وە تاوان و سەرپێچیشیان هەیە
الله ویستی لێبێ لێیان خۆشەبێ ویستیشی لێبێت سزایانەدات
وەنازانین چۆنن لای الله.

كتاب السنه لعبدلله ٣٨٧

کەوابوو زاهیرەن ئیسلامەتی و شەعائیرە ئیسلامیەکانت لەکەسێکدا دیت بەمسوڵمانی بزانە بەو مەرجەی کوفرت لێنەدیبێ ، کوفرت لێبینی حوکمێکی تری هەیە.
ئەمەش پەیوەست نیە بە هەندێ شوێن و هەندێ شوێن بۆی نەبێت

وەک لە پۆستەکانی پێشوو ڕونمان کردوە سەلەف لە ولاّتی زۆرینە کافریش بە نوێژ و بانگدان حوکمیان داوە رحمهم الله.
وەحوکمی ئێمەش بۆئەوەیە دەیبینین ڕەنگە لەحەقیقەتدا مونافیق یان کافریش بن ، بەلاّم ئێمە لەسەر ئەوە حوکمەدەین کە دیومانە ، ئیدی ناخیان الله پێی بەئاگایە.

**هەشتەم** : الاستدلال بەحاڵی مونافیقین بۆ پوچی مەزهەبی تەکفیر عموم :

ئێمە شەعائیرەکانی دین وەک نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەج ....هتد دەکەینە بەڵگە بۆ پوچی مەنهەجی تەکفیر عموم لەنێوان مونتەسیبین بۆإسلام بە حاڵی مونافیقەکان

رسول الله صلی الله علیه وآله وسلم کافری نەکردن بەئاشکرا لەگەڵ ئەوەی بەوەحی الله پێی ڕاگەیاندبوو کە ئەوانە مونافیقن
چونکە کوفری ئەوان بەبەڵگەیەکی ڕون دەرنەکەوتبوو لەزاهیریاندا یان خۆیان اقراریان نەکردبوو کە بێباوەڕن و مونافیقن

هەندێ جاهیلی تەکفیر عموم دەڵێن : حاڵی مونافیقین جیاوازبووە لە حاڵی قەومی ئێمە چونکە مونافیقەکان واتای ئیسلامیان دەزانی بەڵام قەومی ئێمە نایزانن.

جا دەمەوێت هەندێ حاڵی مونافیقەکانتان بۆ باسکەم تا بەرامبەر پوچی مەزهەب و فەهمەکەی بزانێت
بەڵکو الله هیدایەتی بدات هەرکەس ویستی هیدایەتی بۆی هەبێت.

دەڵێم:
مونافیقەکان بەئاشکرا و لەزاهیریاندا دەیان وت : لا اله الا الله وە نوێژیاندەکرد وە تەنانەت جیهادیشیان دەکرد لەگەڵ رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم (وەهەموو ئەوانە وەک دەبینی شەعائیرن)
بەڵام ئەوان درۆیان دەکرد و کوفریان لەناخیان شاردبووەوە وە گاڵتەیان بەئیسلامەکرد لە دانیشتنەکانیاندا وە دەیان وت (محمد بەڵێنی کۆشکەکانی کسری مان پێئەدا وە کەس لەئێمە ناتوانێ بەبێ ترس بچێتە تەوالێت) گومانیان لەدین هەبوو ، وەپشتگیری موشریکینیان دەکرد یەکیان دەیوت(لإئن رجعنا إلى المدينة ليخرجن الأعز منها الأذل) کاتێ گەڕاینەوە مەدینە دەسەڵات

داروبەهێزەکانمان لاواز و زەلیلەکان دەرەکات مەبەستی لە  بالأذل

رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم بوو ، وە حاڵی ئەوان بەم جۆرەبوو
(وإذا قيل لهم ءامنوا كما ءامن الناس قالوا أنؤمن كما آمن السفهاء) گەر پێیان بوترێ ئیمان بێنن دەیان وت : ئیمان بێنین وەکو ئەو گێژانەئیمانیان هێناوە؟

وە خێزانەکانی رسول اللهیان صلى الله عليه وآله وسلم تۆمەت بارەکرد بە زینا

وە تۆمەتیان بۆ بلاّوەکردن ( رضي الله عنهما ) وە ئازاری  رسول الله یان

ئەدا صلى الله عليه وآله وسلم و دەیان وت (لا تنفقوا على من عند رسول الله حتى ينفضوا) مەبەخشن بەو انە ی لەدەوری پێغەمبەرن تابلاّوەی لێبکەن
وەحاڵیان ئاوابوو (يتولون الذين كفروا) کافر و موشریکیان کردوە بەدۆست و ئەولیایی خۆیان
(ويتخذون الكافرين أولياء من دون المؤمنين)و(يخادعون الله وهو خادعهم )

(وإذا دعوا إلى الله ورسوله ليحكم بينهم إذا فريق منهم معرضون) ڕازیش نەدەبون بە حوكمی الله و ڕەسولەكەی بەڵكو الله دەیفەرموو پێیان (هم العدو فاحذرهم) ئەوانە دوژمنن ئاگاداریان بن

(وإذا قيل لهم تعالوا يستغفر لكم رسول الله لووارءوسهم ورأيتهم يصدون وهم مستكبرون) گەر پێیان وترابا وەرن داوای لێخۆشبونتان بۆبكرێت خۆیان بەگەورەدەزانی

الله عَزَّوَجَلَّ یەك سورەتی كاملی دەربارەیان دابەزاند بەناوی سورەتی (المنافقون)

بەڵكو نازانم كۆمەڵێک هەبن لەئەهلی ئاگر لەخواری خوارەوەی دابن وەک مونافیقەكان

الله تعالى دەفەرموێت(إنّ المنافقين في الدرك الأسفل من النار ولن تجد لهم نصيرا) مونافیقەكان لەبنەوەی جەهەنەمدان و بۆئەوان هیچ پشتیوانێک نیە.

كوفری مونافیقەكان تەنها بەدڵ نەبوو وەک ئەوەی هەندێ واگومانەكەن بەڵكو بەزوبان دەریان دەبڕی بەڵام كاتێک بە بەڵگەی ڕون لەسەریان جێگیر نەبوو یان خۆیان بەئاشكرا ئیقراریان نەكرد تاحوكمی دونیایی بدرێ بەسەریاندا وەک موشریكەكان ، رسول الله عليه الصلاة والسلام بەإسلام حوكمی

دابەسەریاندا (ئیسلامی حوکمي) وە دانی نا بەزەواجیاندا وەمیراتیاندا لەکاتێکدا رسول الله لای ڕون بوو وەدەیزانی ئەوان کوفریان هەیە بە بەڵگەی ڕونتر لەبینینی کوفریان کە وەحیبوو بەڵام حوکمی دونیا ی لەسەر کەس جێبەجێ ناکرێت لەسەر هیچ کەس تەنها بەبەڵگە یان دانپێدانانی خۆی نەبێت

وە پێکەنیناویە ئەمانەی تەکفیر عامەکەن واگومانەکەن ئەوانەی بەئاشکرا دەڵێن
لا الهالا الله محمد رسول الله یان نوێژەکەن لەم زەمانەی خۆمان بەڵام واتای تەوحید نازانێ لە باطندا
وە ئەڵێم هەردوکیان کافرن لە حەقیقەتدا(جاهل بالتوحید والمنافق)
بەڵام کامیان کوفرەکەیان خراپترە ؟
کەسێک جاهیلبێ بە حەق یان کەسێ بیزانێ و شوێنی نەکەوێت؟
بۆچی یەهود لەهەموو خەڵکی کوفریان خراپتربوو؟
چونکە حەقیان دەزانی بەڵام کافربون پێی(فلما جاءهم ماعرفوا کفروا به) کاتێک حەقیان بۆهات و ناسیانەوە پێی کافربوون
ئایا بیستوتانە الله هەواڵی کەسێکی دابێ لە خوارەوەی ئاگردابێ الدرك الأسفل جگە لە مونافیقەکان؟

گەر وتیان بەڵگەکان دەریەخەن قەومی ئێمە جاهیلن لە باطن و ناخیاندا بەتەوحید وە کردنی شیریکیان
دەڵێم: هەرکاتێک زانیتان جاهیلە بەتەوحید یان شیریکیان کردوە بە (بەڵگەیەکەک یان بەئیقرار) ئەوەیە ئێوە دەبێ پێتان کافربێ

وە رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم دەیزانی کوفری موونافیقین بەبەڵگەی زۆر لەوەی ئێوە بەهێزتر ، ئەو بە وەحی پێئێی ڕاگەیەندرابوو بەڵام حوکمی دونیایی لەسەر کەس دانامەزرێت ئیلا بە بەڵگە ی کوفری لێ ببینین یان ئیقراری کەسەکە (وهو الظاهر الذي نحن مكلفون بالحكم به) ئێمە ئەوەی لەسەرمانە حوکمی پێبدەین زاهیری خەڵکە ، ئەوەی لەناخی خەڵکە بۆ اللهی دەگێڕینەوە خۆیەزانێت.

**نۆیەم** : هەندیک ئەثەر بۆ ڕەد دانەوەی ئەوانەی بەعام خەڵک کافرەکەن لەم زەمانەدا .
هەرکەس شیرکی گەورەئەنجام بدات ئەوکەسە کافرە ئەگەر چی نوێژ و ڕۆژو پایەکانی دیکەی ئیسلامی تێدابێت و ئەنجامیان بدات ، هیچ عوزرێکی بۆنیە و هیچ تەئویلێک هەڵناگرێ

بەڵام تەکفیری عام لەنێوان مونتەسیبین بۆ ئیسلام و ئەوانەی شیعاری ئیسلامیان تێدایە وەک بانگ و نوێژ کردن بەبیانوی گۆڕانی زەمان وەک ئەوەی عەلمانیەکان بەئیسلامی دەڵێن ، کە ئیسلام بۆئێستا نابێت ، ئەم قسە زۆر باطلە وە ئەوەی لەسەلەفەوە هاتوە ڕەدی ئەمە ئەداتەوە

دین و ئاسار ناگۆڕێن ئەوە هیدایەتێکە بۆهەرکەس الله بیەوێت هیدات وەرگرێت

بەڵام ئەوەی گومڕابوە ، بۆچونی خۆی پێشەخات بەسەر فەهمی قورئان و سونەت ، بیان خوێنەوە ئەمانە کۆمەڵێ ئەسەرن کە ڕەدی ئەم بیدعە گومڕایە ئەداتەوە .

ابن أبي شيبة رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە مصنەفە کەی دەڵێت :

دەربارەی کافرێک یەک جار شەهادەی هێناوە پاشان مردوە ئایا نوێژی لەسەر دەکرێت؟

دەڵێت : حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْعَلَاءِ، لە خَيْثَمَةَ

وتی: «ئەگەر یەک جار نوێژی کرد نۆێژیژلەسەرەکرێت (واتە حسابی مسوڵمانی بۆدەکرێت)(11870)

وەوتی :حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنْ أَشْعَثَ، لە حەسەی بەصریەوە، وتی: " گەر وتی:
لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ نوێژی لەسەر دەکرێت"(11871)
وەوتی :حَدَّثَنَا شَرِيكٌ، عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عِيسَى، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جُبَيْرٍ، لە أَنَسِ بْنِ مَالِكٍەوە، وتی: گەنجێکی یەهودی خزمەتی رسول اللهی دەکرد ﷺ نەخۆش کەوت رسول اله ﷺ هات بۆلای فەرمووی: «ئایا شاهێدی ئەدەی و دەڵێی لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وەمن نێردراوی اللهم ؟» منداڵەکە سەیرێکی باوکی کردوو وتی: ئەوە بڵێ کە محمد پێتەڵێ کوڕی خۆم : وی و وەفاتی کرد ، رسول الله ﷺ فەرموی: «نوێژبکەن لەسەر هاوڕێکەتان»(11872)

وەدەڵێت :حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عُلَيَّةَ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ زِيَادٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ النَّصْرِيِّ، قَالَ: پیاێک وتی لای الشَّعْبِيِّ: من کۆیلەم هەیە و دەمرن ، ئایا نوێژیان لەسەر بکەم؟ فەرمووی: «گەر نوێژەکات نوێژی لەسەر بکە گەر نوێژ نکات نوێژی لەسەر مەکە»(11874)

وەدەڵێ :حَدَّثَنَا حَمَّادُ بْنُ أَبِي خَالِدٍ، عَنِ ابْنِ أَبِي ذِئْبٍ، له الزُّهْرِيِّ
وتی: «گەر کافرێک لەبازاڕ شایەتومانی هێنا نوێژی لەسەر بکەن»(11875)

وەدەڵێت رَحِمَهُ ٱللَّهُ :

ئەگەر گوێت لە بانگ بوو دەس هەڵبگرە لە قتال و کوشتن
پاشان کۆمەڵێ ئەسەر دێنێت
و دەڵێت :
حَدَّثَنَا ابْنُ عُيَيْنَةَ، عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ نَوْفَلِ بْنِ مُسَاحِقٍ، عَنْ رَجُلٍ، مِنْ مُزَيْنَةَ عَنْ أَبِيهِ، وتی: رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم ، کاتێک سریەیەک کۆمەڵێکی دەنارد بۆ جیهاد پێی دەفەرمون: «ئەگەر مزگەتان بینی یان گوێتان لە بانگ بوو هیچ کەسێک مەکوژن»(33077)

ئەگەر موخالیف و ئەهلی بیدەع لەتەکفیر عموم پێیان وتین : بەڵام ئەمانەی تۆ باسیەکەی بۆ زەمانی ئێمە نابێت ، زەمانی ئێمە وەک داری موسەیلەمە وایە

دەڵێم :

ابن أبي شيبة رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت

حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ سُلَيْمَانَ الرَّازِيُّ، عَنْ أَبِي جَعْفَرٍ، عَنِ الرَّبِيعِ له أَبِي الْعَالِيَةِ، كه ئەبو بَكْرٍ، کاتێک جەیشێکی دەنارد بۆ مورتەد و هڵگەڕاوەکان لەئیسلام( تانەڵێن کافری ئەسڵی جیایە لە مورتەد ئەوەتا هەمان حوکمیان داوە بە بانگ و نوێژ ) پێی دەوتن: «دانیشن لەنزیکەوە سەرنج بدەن ، ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو تا خۆر هەڵهاتن دەسیان لێهەڵگرن ، ئەگەر نا بدەن بەسەریاندا»(33079)

عەجیب لەوەدێت ئەوانەی تەکفیری عموم دەکەن استدلال ئەکەن بە کاری هەندێک لە صەحابە رضوان الله علیهم لەگەڵ شوێن کەوتوانی مسیلمة و دەڵێن بنوحنیفة بانگیان ئەدا و نوێژیشیان دەکرد لەگەڵ ئەوەش هاوەڵان بە عموم کافریان کردن ، بۆیە ئێمەش حساب بۆ بانگ و نوێژ ناکەین وەک ئەەی هاوەڵان نەیان کرد( جا هەندێکیش علمیان پێنیە ڕێک تەسلیمی ئەم درۆ و فێڵە دەبن بەنەزانی خۆیان)

دەڵێم: بانگ دانی بني حنيفة بە شایەتی دان بوو بۆ مسيلمة بەوەی وەحی بۆ هاتوە وە بە قورئانی مسيلمة بوو

الطبري ریوایەتی کردوە لە (تاريخ الأمم والملوك) دەڵێت:
كتب إلي السري ، عن شعيب ، عن سيف ، عن طلحة بن الأعلم ، عن عبيد بن عمير ، عن أثال الحنفي - وكان مع ثمامة بن أثال - قال(..... ئەوەی بانگی ئەدا بۆ موسەیلەمە ناوی عبد الله بن النواحة بوو ، ئەوەشی قامەتی بۆ دەکرد حجير بن عمير بوو وەشاهێدی بەوەدا ، کاتی شاهێدی موسەیلەمە لە حجير نێزیکەبوەوە و پێی دەوت دەنگت بەرزەوەکە ئەی حجیر؛ دەنگی بەرزەوە کرد بۆ دان نان بە پێغەمبەرایەتی موسەیلەمە وە بەگومڕایی ئەوانەی مسوڵمان بوون خۆی گەورەدەکرد )اهـ

دەڵێم :ئەوە حجير و عبدالله بوون شاهێدیان ئەدا بۆ مسيلمة بەوەی وەحی بۆ هاتوە لە بانگەکەیدا ، نەک ئەوەی بڵێی هەمان بانگی مسوڵمانان بوو نەخێر شتێکی دیکەبوو بۆیە هاوەڵان حسابیان بۆ ئەو بانگەی موسەیلەمە نەکرد

وه دەربارەی نوێژی بني حنيفة ابن أبي شيبة رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت:

حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، قَالَ: ثنا إِسْمَاعِيلُ بْنُ أَبِي خَالِدٍ، له قَيْسٍ، دەڵێت: " پیاوێک هات بۆلای ابْنِ مَسْعُودٍ وتی: من ڕۆشتم بەلای مزگەوتی بَنِي حَنِيفَةَ گوێم له ئیمامەکەیان بوو شتێکی دەخوێند که الله داینەبەزاندبوو بۆ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، گوێم لێبوو دەیوت: «الطَّاحِنَاتُ طَحْنًا فَالْعَاجِنَاتُ عَجْنًا، فَالْخَابِزَاتُ خَبْزًا فَالثَّارِدَاتُ ثَرْدًا فَاللَّاقِمَاتُ لَقْمًا)

وتی: عَبْدُ اللَّهِ ناردی بۆیان هێنانی ١٧٠ پیاو بوون لەسەر دینی مُسَيْلِمَةَ ، ئیمامەکەیان عَبْدُ اللَّهِ ابْنِ النَّوَّاحَةِ بوو ، فەرمانیکردو کوشتیان ، پاشان سەیری ئەوانی دیکەی کرد و فەرمووی : ئێمە نابینە سەربڕی شەیتانی ئەوانە ئەوانی دیکە بنێرن بۆ شام بەڵکو الله توشی طاعونیان بکات "(32743)

نوێژەکانیان بەقورئان نەبوو بەڵکو بەو شتەبوو کە پێیان وابوو وەحیە و بۆ موسەیلەمە دابەزیوە.

چۆن قیاسی ئەوە دەکەنە سەر ئەو نوێژ و بانکەی بۆ محمد هاتوە صلى الله عليه وآله وسلم ؟

لەکاتێکدا ئەمان دیوە کوفرێک بکا؟

با ئەهلی قیاس و بۆچون لە الله بترسن هیچ بیدعەیەک پەیدا نابێت ئیلا هۆکەی قیاس و بۆچون و سەربەخۆیی لە تێگەشتنایە بەبێ تێگەشتن لە قورئان و سونەت

ئیمام أحمد رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت:

«لە سونەتدا قیاس نیە ، بە ئەقڵ و هەوا نای پێوی بەڵکو سونەت بریتیە لە شوێن کەوتن و وازهێنانی بۆچونی خۆت » اھ .
(أصول السنة)

